ئیلاهیـــــاتی ئامیـــــاری و سەرمایەداری.. ئەکرەم سەعید

پێشەکی

با لە سەرەتاوە ئەو پرنسیپە دووپات بکەینەوە کە سۆسیالیستەکان دژی بیروباوەڕی ئایینی خۆکی نین، بەڵکە دژی سەرمایەدارین، دژی تەکنۆکردنی ئایین و سیاستن، دژی بازرگانیکردنن بە بیروباوەڕی ئایینی خۆکییەوە؛ واتە دژی بەکارهێنانی ئایینن وەک ئایدۆلۆژیاێک بۆ مەرامی سیاسی و فریودانی خۆکی. لەم سەنگەرەوە وەڵامەکەی حیزبی شیوعی ئەمریکا بە ترەمپ دروستە:(دوژمنی ئێمە خودا نییە، بەڵکو سەرمایەدارییە.).

خۆکی ئەمە ئاگەر بەراورد بکەن لە نێوان دەخی ساڵانی ١٩٦٠و ساڵانی دووهەزار، بە تێشنی پاشکۆی هزری و سیاسی دونیا دەبینن بەرەو ڕاستەوی؛ واتە جیاوازی نێوان دەخی ساڵی ١٩٥٥ هاوپەیمانی بەغداد و دەخی تێککەوتننامەی مەککە ٢٠٢٦.(هاوپەیمانی بەغداد) بە بەشداری"عێراق، تورکیا، بەریتانیا، پاکستان و ئێران"- بوو(دواتر عێراق لێی چووە دەرەوە و ناوی گۆڕا بە هاوپەیمانی سێنتو). ئامانجی ئەو هاوپەیمانییە تێگریکردن بوو لە فراوانبوونی نفوزی یەکێتیی سۆفێت و بەاوبوونەوەی بیری شیوعی لە ناوچەی تێژهێڵاتی ناوەڕاستدا. ئەما(تێککەوتننامەی مەککە) لە ئەستادا بە هاوبەشی"عەرەبستانی سعوودی، تورکیا و پاکستان". ئامانجی ئەم تێککەوتننامەیە بەرگریی ئەو وڵاتانەیە لە مەترسییەکانی دوای لاوازبوونی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، و دورستبوونی بەشایەک کە ئێران و ئیسرائیل پێی دەکەنەوە. ئەوەی لەردا بە ئەم وتارە گرنگە بەراوردی دەخی هزرو سیاسی نێوان ئەو دوو تێککەوتننامەیە. لەیەکەمدا بەشکی جیهانی سەرمایەداری کۆنەپەرست و تانجی وڵاتانی ئیمپریالیزم بوون دژی بەشکی پێشکەتووخواز و سیکولار. لەو خولەدا ناوی وەک:(عەبدول کەریم قاسم، جەمال عەبدول ناسر، جەسیپ تیتۆ ، جەواهرلال نهرو، گیڤارا و هەشی منۆ) لە جیهاندا باوی بوو، بەڵام لە ساتەکانی(تێککەوتننامەی مەککە) لە تێژاواوە بە تێژهێڵات، بە شێوەیەکی گشتی ناوی سەرکردەو ڕابەری پارتە کۆنەپارێزی بەرژوازی دێندە باوێتی، کە ئایین تەکنۆ بە سیاست دەکەن.

بۆچی جیهان هێندە لە ڕەوی هزرو سیاستەوە پاشکۆی کردووە؟ هۆکاری چییە لە سەردەمی مۆدێرن و لە نێو کۆمەڵگەی مەدەنی بەرژوازیدا،

دوای بزووتنەوەی ڕۆشنگەری و بڵاوبوونەوەی ئەقڵانیەت و بیروباوەڕی ئازادی تاکەکەس و دەوڵەتی سیکولار، جارێکی دیکە ئیلاهیاتی سیاسی هەندە لە جیهاندا پێگەی بەهێز و ڕەسمی هەیە؟. بەگومان گەلێ هۆکار هەیە بۆ پاشکۆشی کەمڕەنگ، بەڵام دەتوانین لە شرۆڤەی تایبەتمەندیەکانی سەرمایەداری، ڕۆشنتر بنەمای هۆکارەکان بناسینەوە. بۆ وەبیرهێنانەوەی خوێنەری هێژا، من لە چەند وتاری پێشوومدا دەربارەی"تایبەتمەندیەکانی سەرمایەداری" بە کورتی باسم لێ* قۆیرانی سەرمایەداری. * دەندەیی/بەربەریسم. * سەرمایەی وەهمی. * تۆتالیتاریسم/ سەرکوتگەریکردوو، بەگومان بۆ باسکردنی ڕەهەندی ئیلاهیاتی سیاسیلە سەردەمی مۆدێرندا، باسکانمان دەربارەی تایبەتمەندیەکانی سەرمایەداری کەموکورت دەبێ.

ئیلاهیاتی ئامیاری و سەرمایەداری

«ئیلاهیاتی ئامیاری و سەرمایەداری» یەکێکە لە ئاڵۆزترین بابەتە تیۆرییەکانی سەردەمی نوێ. ئەم بابەتە باس لە کاریگەری ئیلاهیاتی سیاسی لەسەر سیستەمی سەرمایەداری «پێکهاتە ئابووریەکەی/ ژێرخانی سەرمایەداری» و پێکهاتە هزری و سیاسیەکەی/ سەرخانی سەرمایەداری» دەکات، و تیشک دەخاتە سەر ڕەهەندی گەورەی ڕەکخراوە مەدەنی و سیاسیەکانی ئایینی، لە ململانێی کەمڕەنگی نوێدا.
لە سەردەمی کۆندا ئیلاهیاتی سیاسی پایەکی سەرەکی دەسەڵات بووە؛ لە میسری کۆندا سیستەم بریتی بوو لە تێکەڵکردنی ئایین و دەوڵەت، کە پادشا بە کوڕی خوداوەندەکان یان خۆی بە خوداوەندێک لەسەر زەوی دادەنا، بەم شێوەیە دەسەڵاتی ڕەها و ئیلاهی بە دەسەڵاتەکەی خۆی دەبەخشی. بەم جۆرە سیستەمی حوکمڕانی لەسەر بنەمای "پاشایەتی ڕەها" کە لە ڕووی ئیلاهیاتەوە پشتیوانی لێدەکرا خۆی دامەزراند بوو، پاشا وەک سەرەک کاهینێک کە بەرپرسیار بوو لە دەستبەرکردنی دادپەروەری گەردوونی (مەعات) و سەقامگیری وەزات، پشتی بە ئامرێکی ئیداریی ئاڵۆز دەبەست بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی. وە ئیلاهیاتی سیاسی لە وەزاتی چین لە کۆندا: تێکەڵەیەکی ناوازەیە لە بنەما فەلسەفی/ئاینییە نەریتییەکانی(کۆنفۆشیسیزم، تائیزم)و دەسەڵاتی سیاسی، کە تیشک دەخاتە سەر"ویستی خودایی" وەک سەرچاوەی شەرعیەت، ئەمڕۆش وا دەکات فەرمانڕەوا ببێتە نوێندەگرێک لە نێوان ئاسمان و زەوی. بەم پێیە لەڕووی مەژوویەوە دەسەڵات بەرئەنجامی تێکەڵاوبوونی ئایین و سیاسەت بووە.
ئەنگلس دەربارەی کەمڕەگی نەرێتی نووسیبووی:(لەسەردەمی چەرخی ناوەڕاستدا، مرۆڤایەتی یەک جار ئایدەلۆژیای زانیوە ئۆیش

(ئایین و لاهوت) بوو. بەڵام، لەسەدی هەژدەهەمدا، کاتێ بەرژوەزی گەیشتە پلەیەک لە هەز کە بەس بێت بۆ ئەوەی ئایدەلۆژیاکی تایبەت بەخۆی هەبێت، و گونجاو بێت لەتەک دۆخی چینایەتی خۆی، بۆ پشتبەستن تەنها بە هزری یاسای و سیاسی، هەستا بە هەڵگیرسانی شۆڕشێ مەزن و ڕەساکەی(شۆڕشی فەرەنسا) بۆ ئاوەدانەوە لە ئایین، تەنها مەگەر کاتێ ڕەگەری بە دروستکردبێ. بەڵام ئەوەی بە مەشکیدا نەهاتووە کە لەبری ئایینەکی کۆن ئایینەکی نوێ بخاتە جێگەی.) – ئەنگلس/ فیەرباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی/ لاپەڕە ٥١.
ساڵانێکە (لاهووتگەرایی سیاسی)ی هەموو ئایینەکان، وەک ئەنجامێکی قوبووناوەی ناکۆکیەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری مەدێرن، لە بوژانەوەدایە، و ڕۆی لە سیاسەت و کۆمەڵگەدا زیاد دەکات و جێگا بە خۆی داگیر دەکات، لەڕەو شۆڕشی ڕۆشی بیروباوەڕی ڕاستڕەوی، هەرش بە سەر لیبەرالیزم(ئازادی تاکەکەس و یەکسانی یاسایی هاوڵاتیان)و لایەنگرانی سۆسیالیزم دەبات. ئەگەر بپرسین هۆکاری چییە لە سەردەمی مەدێرندا، دوای بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی ئەقڵانی و سیکولاری ڕۆشنگەری و فەلسەفەی ماتریالیسمی، جارێکی دی فەلسەفەی ئایدیالیست و بیروباوەڕی نائەقڵانی و کۆنپارێز دەبووژێتەوە؟ یان بۆچی لەژێر سێبەری مەدەنیەتی بەرژوازیدا(لاهووتگەرایی سیاسی)ی هەموو ئایینەکان سووز دەبنەوە؟. بلیخانەف بەم جۆرە وەسفی کۆشکە دەکات:
"ماتریالیسمەکانی سەدەی هەژدەهەم پێیان وابوو کە بە یەکجاری کۆتاییان بە ئایدیالیسم هێناوەو میتافیزیکی کۆن لەناوچووەو نراوەتە گۆڕەوە، ئیدی ئەقڵ هیچ حەزی نییە گوێ بیستی بێت، بەڵام هەر زوو ئاقاری حاڵەکان هەوتێکی تری وەرگرت، ئەوە چەند ڕۆژکە فەیلەسوفەکان لە ئەڵمانیادا فەلسەفەی ئادیالیسمیان بووژاندەتەوە، وە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا گوێکان خنران لە ئاست وتاری ماتریالیسمیداو بە مردوو دەژمێرا، و لەلای جیهانی فەلسەفە و ئەدەب بیروباوەڕی ماتریالیسمی وەک "خەمێکی و چەقبەستو" چاوی لێدەکرا، وەک "گەتە" وای دەبینی کە "ماتریالیسم وەک تارمایی‌ێک مووچڕکە بەلەشی خەڵکیدا دەهێنێ". بەم جۆرە ئایدیالیسمیش بە بڕوای خۆی لای وابوو کە دوژمنەکەی بێ هەتاهەتایی شکستی پێ هێنراوە." – بلیخانەف/ بەرهەمە فەلسەفیەکانی – ماتریالیسمی مارکس / لاپەڕە ١٢٥.
وردبینی بلیخانەف لەو چەند دێڕەی سەرەوەدا بە سەردەمکۆمان تابێت بلیمەتانەیە؛ دروست لە نەو بڕێک لە چەپ و سۆسیالیستکان هەمان وەهمی سەرکەوتن و بڕوابوون بە لە نەوبردن و بنبڕکردنی دوژمنەکانی فەلسەفەی ماتریالیسمی مارکس بەرەوی هەبوو. کەس دوای

ماتریالیسمی مارکس بۆای نەبوو بیروباوەی ئایینی (لاهوتی ئامیاری) هێندە بەهێز ببێتەوە. لێرەدا ئاستیدا لێژەر سەبارەی سەرمایەداریدا (واتە لە سەردەمی مەدێرن: سەردەمی ڕۆشنگاری و دەوڵەتی سیکولار و کۆمەڵی مەدەنی بەرژوازیدا)، ئیلاهیاتی سیاسی بە گووتەی مارکس(ئامادەیکی بەهێزی هەیە). بیرمەندانی وەک: "سپینۆزا، مارکس، ماکس وێبەر و کارل شمیت" ڕایان وا بوو (کە چوارچێوە تیۆرێیەکان بۆشداریان لە سەرهەڵدانی هزر و سیاسەت و دەوڵەتی سەرمایەداریدا کردووە). مارکس لە بۆشک لە بەرهەمەکانیدا لێکچوونەکان لەنێوان مەسیحیەت(وەک ئایین)و (تایبەتمەندیێکانی) سەرمایەداریدا دەکۆشێت. ئەم لێکچوونانە بەتابەتی بۆشووێکی سەرنجڕاکێش لە کتێبی "سەبارەت بە پرسی جوولەکەکان" دەست نیشانکراوە. مارکس ڕای وا بوو کە ئایین لێژەر سایەی ئەو دەوڵەتە بەرژوازییە کە سیکولارە ئامادەیکی بەهێزی هەیە لە کۆمەڵدا، و کارل شمیت دەستواژەی "ئیلاهیاتی سیاسی"ی بەکارهێنا بۆ ئەوەی نیشان بدات کە هەموو چەمکە مەدەرنەکانی دەوڵەت چەمکی ئایینی سیکولارن.

بۆای سپینۆزا ئیلاهیاتی سیاسی ئامانجی کۆنترۆکردنی جومگە گشتییەکانی کۆمەڵ، لە ڕێگەی ئایینەوە بە مەبەستی سیاسی. ئەم ناوۆکی کتێبەکەی سپینۆزایە بە ناوی «نامەیەک لەبارەی ئایینزانی و سیاسەت» کە لە ساڵی ١٦٧٠ بڵاوکرایەوە. سپینۆزا ڕای وایە کە بۆ(سیکولاریزم – جیای ئایین لە دەوڵەت) ناتوانرێ ئیلاهیاتی سیاسی لە کۆمەڵدا کۆم بکرێتەوە، بەڵکە دەبێ دەوڵەت زیاتر هەنگاو بنێ بەرەو (جیای سیاسەت لە ئایین)، و دەوڵەت تاکە دەسەڵات بێ بەسەر ئایینەدا، ئامانجی ڕاستەقینەی سپینۆزا ئەوە بوو کە دەوڵەت کۆنترۆڵی ئایین بکات، نەک تەنها جیایان بکاتەوە، واتە دەبێ ئایین بخرێتە ژێر سەروەری سیاسی دەوڵەتەوە. مارکس لەم ڕاونگەیەوە نزیگ بووە. لێرەدا مانایەکی تری سیکولاریزم دەبینین، کە جیاوازە لە تێگەیشتنی باو، ئەم ڕوانگەیەی سپینۆزا و مارکس، بەتایبەتی لەلایەن چەپەکانەوە، ساڵانێکە پشتگوێ خراوە.

لیو شتراوس و لاهوتی سیاسی

ئەگەر لە زەمەنی کۆمەڵگەی یۆنانی کۆندا سۆکرات فەلسەفەی لە ئاسمانەوە دابەزاندە سەر زەوی، و پێشنیاری بە مرۆڤەکان کرد کە بە گوێان بە دوای ڕاستیدا "سەیری زەوی بکەن"، ئەوا مارکس لە سەردەمی کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، داوای کرد بە دەزینەوەی ڕاستی نامەی مرۆڤ و چەوسانەوەی مرۆڤەکان، لەبری تەنها پشکنین لە نەو فەلسەفە

و سیاستدا، دەبێ بچینە هەخنەی ئابووری سیاسی، و شکڵش بەسەر پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا، واتە شکڵش بەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی و مەدەرنی سەرمایەداریدا، بکەین. بەڵام فەلسەفەی بەرژوازی کۆنزەرفاتیزم، بەپێی ڕەنماییەکانی لیو شتراوس، داوا دەکات کە جارێکی دی بێ دەزینەوەی حەقیقەت و ڕەوشتبەرزی، دەبێ مرۆڤەکان هووبکەنەوە ئاسمان و سەیری ئاسمان بکەن. لە نووسینی "پێشکی بە کتێبەکەی هێبز" لیو شتراوس ناوەڕۆکی باسەکانی خۆی ئاشکرا دەکات:(زیندووکردنەوەی لاهووت منی لەگەڵ "کارل بارت و فرانز ڕۆزنزقایگ"دا دەبەستەوە ،، لەوکاتەوە پرسی"لاهوتی سیاسی" جێی سەرنجی لەکڵینەوەکانم بووە.).
سێ سوچکەی فەلسەفەی سیاسی شتراوس بریتییە لە: ١/ هەوشت. ٢/ سیاسەت. ٣/ هەخنە لە مەدەرنێتە و ڕەشنگەڕی، و داوای لەیەک هەڵپەکانی جارێکی دی سیاسەت و ئایین. لیو شتراوس وەک دامەزرێنەری فەلسەفەی سیاسی ڕەوتی «نیوکۆنزەرفاتیزم» لە ئەمریکا تەماشا دەکرێت. یەکێک لەگرنگترین باسەکانی فەلسەفە سیاسییەکەی دەربارەی پێوەندی «قودس و ئیتینا – »یە، کە تێیدا پێکداچوون و ململانێی نێوان ئایین (ڕەح) و فەلسەفە (عەقڵ) شیدەکاتەوە. بەڵای لیو شتراوس ئەم دوو شارە تەنها دوو شوێنی جوگرافی نین، بەڵکو دوو کۆدەکی سەرکین کە شارستانیەتی ڕۆژاوایان دروست کردووە: قودس- هەمای تەورات، ئایین – ڕەح و باوەڕ؛ نوێنەرایەتی ژیانێک دەکات کە لەسەر بنەمای ملکەچی و خۆشویستی بە یاسای خودایی دامەزراوە. ئیتینا: هەمای فەلسەفەی یۆنانی- عەقڵ و لێکۆڵینەوەی ئازادە؛ نوێنەرایەتی ژیانێک دەکات کە لەسەر بنەمای گومان بەدوای حیکمەت و تێگەیشتنی سەربەخۆدا دامەزراوە. «نیوکۆنزەرفاتیزمەکان» یەکیەتی ئەم دوو شارەیان لە سەردەمی ئەمەدا کردە پایەی هزر و سیاستی(یەهودی زایۆنی و مەسیحی زایۆنی)، چونکە بەڵای لیو شتراوس یەکیەتی ئەو دوو شارە بە خەرئاوا بە درێژای مێژوو پایە و هێزی ڕۆژئاوا بووە، لەم ڕوانگەیەوە دەبێ بە چارەسەری قەیرانی وەتانی ڕۆژئاوا، کە سەرچاوەکەی قەیرانی مەدەرنێتەیە، بە یەکگرتنەوەی" ئەتینا و قودس " چارەسەر بکرێ. سێیر نییە دەبینین ترامپ بە گەشتەکەی خۆی لە سعویەوە بۆ ئیسرائیل و لەوێوە بۆ ڤاتیکان، بازنەکەی "لیوشتراوس"ی فراوانکردو یەکیەتی"مەکە و قودس و ڤاتیکان"ی لەبری دانا، واتە یەکیەتی "ئیسلام و یەهودیەت و مەسیحیەت" یان (ڕەککوتنامەی ئیبراهیمی)، کە زنجیرەیەک ڕەککوتنی ئاشتییە کە لە ساڵی ٢٠٢٠ لەژێر چاودێری دۆناڵد ترامپ لەنێوان ئیسرائیل و چەند وەتانکی عەرەبیدا واژۆ کرا.
ئایا دوای ئاوابوونی خۆری ئیمپراتۆریەتی ئەمریکا و لاوازبوونی(

یەهودی زایەنی و مەسیحی زایەنی)، ئەمە هزر و سیاسەتی(چەپ یان ەاست)ی نوێ، کە یەکبگرێ لەتەک ئیسلامی سیاسی، لە ئەمریکا و ئەوروپادا دەبینین؟!. چونکە هەم لە دەوڵەتی چین و ڕوسیا، و هەم لە دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوا، ڕووتکییان تەدایە کە خەی نزیک دەکاتەوە لە ئیسلامی سیاسی. لەڕووە ئەمە و نەوەی نوێش، لەژیر سایەی سیستەمی سەرمایەداریدا، بە چەند ساڵێکی تریش دەرگیری کێشەی ئیلاهیاتی ەامیاری لە هزر و سیاسەتی کەمەدا دەبین.
سەرکەوتنی(ممدانی و عەبدول) وەک دوو نوێنەری بزووتنەوەی چەپ(سەسیال- دیموکرات) کە بگومان هەواڵێکی پۆزەتیڤە، هەمای لاوازبوونی هەژموونی مەسیحی زایەنیزمە لە ئەمریکادا، بەام لەهەمان کاتدا دڵی تاوی سوزبوونی چەپێک بە کە خەی نزیک دەکاتەوە لە ئیسلامی سیاسی، ئەمش دیاردەکە ساانکە لە وەاتانی ئەوروپادا نموونەیمان بینیوە، بەتایبەتی دوای هەرش بە سەر غززە. ئەمە یانی ئۆگەر لە ئەستاو چەند ساڵی داهاتوودا، (مەسیحی و یەهودی زایەنی) لاواز ببێ، بەام (ئیسلامی سیاسی) و هاوپەیمانانی لە مەسیحی سیاسی و چەپ لە زیاد بوونداید؛ کەواتە ئیلاهیاتی ەامیاری تا چەند ساڵی تریش هەر ئامادیی بەهێزی دەبێ لە جیهاندا.

خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە بە ەای چەپەکان دەربارەی هەکاری باەاکردنی ئیسلامی سیاسی

ساانەکە ئیلاهیاتی سیاسی دیسانەوە لە خەمۆشی خۆیەوە هەساوەتەوە و ڕۆی گەورە دەبینێ لە جیهاندا. ئیسلامی سیاسی توخمەکە دەیەوێ کەمەگە ەاکۆشێ بەرەو ەابووردوو، بزووتنەوەیەکە وەامەکی کۆنەپەرستانە بە کێشەکانی کەمەگە دەداتەوە. باەاکردنی ئیسلامی سیاسی جێگای گەلێ باس و لێکۆڵینەوە بووە، ئەوەی من دەمەوێ تیشکی بخەمە سەر:
١/ بینینی ئەم دیاردەیە وەک توخمێک، وەک بزووتنەوەیەکی کەمەایەتی سیاسی لە کەمەگەدا، واتە ئەم بزووتنەوەیە وا تەماشای نەکرێ کە دروستکراوی دەستی وەاتان یان دەزگای جاسوسی بەریتانی یان ئەمەریکیە، ئەگەرچی ئەوە فاکتێکی حاشا هەنەگرە کە دەستی یارمەتی ئەو دەزگایانە هەبووە لە پێکهێنانی ئەحزاب و کەسەکانی سەر بەم بزووتنەوەیە، بەام خودی بزووتنەوەکە ەگۆیشەی واقیعیی خەی هەیە لە نێو کەمەەگەدا، ئەمە لەلاێک وە لە لاێکی دی پەیوەندی باەاکردنی ئەم بزووتنەوەیە بە هەلومەرجی گشتی جیهانی سەرمایەداریەوە. سەرهەدانی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی هاوسات و هاوشانی سەرهەدانی بزووتنەوە کۆنەپەرستەکانی ئایینی سیاسی تر بووە لە جیهاندا، بەیە

هەیە بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی وەک تاقانە چاو لێ بکەین، و دەستە خوشکەکانی هاوشێوەی خێی لە مەسیحی سیاسی، یەهودی سیاسی، هیندۆسی و بودی سیاسی نەبینین.

٢/ باری فکری و سیاسی سەردەمی سەرمایەداری دێندە قێناخێکی کۆنەپەرستییە، ئەمەش زەمینەکی گونجاوە بۆ گەشە و باڵاکردنی بزووتنەوە ئایینییەکان، ئەم بزووتنەوە ئاینییە سیاسیانە لەم سەرچاوە هاوبەشەوە ئاو دەخۆنەوە، و بیروباوەڕی ئایینی خەڵکیان کردۆتە ئامڕای بزووتنەوەکانیان بۆ پاسەوانکردنی سەرمایەداری.

لە کتێبی(ئایینیە گشتیەکان لە جیهانی ئەمڕۆدا) خێزیە کازانوڤا دەنووسێ:" ئەو گفتوگۆیانەی لەمەڕ حیجاب هەیە لە جیهانی عەرەب و تورکیا و ئەوروپادا هاوشێوەی ئەو باسانەن لەمەڕ لە باربردن (إجهاض – abortion) کە لە ئەمەریکادا هەن، مشتومڕێکی گەرمی ئایینی سیاسین. باوەڕێک باوبوو لە دوای سەردەمی ڕۆشنگەری و زاڵ بوونی ڕوانگە کۆمەڵایەتییەکانی سەدەی بیست کە ڕۆڵی ئایین لە سیاسەت و کۆمەڵگەدا پاشەکشە دەکات و دەبێتە لاوەکی، بەڵام لەتەک شۆڕشی ئیران و جەنگی ئەفگانستان و ڕوداوەکانی دواتر بینیمان ڕۆڵی ئایین لە کۆمەڵگە و سیاسەتدا ڕووی لە زیادبوونە ".
بۆچوناکەم کەس هەبێ لەگەڵ ئەم بینینەی خێزێ کازانوڤا ڕاڤکی پێچەوانەی هەبێ، بە تایبەتی لە نێو بەهاری عەرەبیدا(ئەگەر نەڵێین بەهاری ئیسلامی سیاسی)و هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا، زیادبوونی ڕۆڵی ئاینی سیاسی حاشا هەڵنەگرە. کێشەکە لەمەدا نییە بە قەد ئەوەی لەوەدایە کاتێ هێکارەکان و فاکتەرەکانی زیادبوونی ڕۆڵ و باڵاکردنی ئایینی سیاسی دەست نیشان دەکرێ. زۆرێک لە نووسەران هێکاری باڵاکردنی ئیسلامی سیاسی دەگەڕێنەوە بۆ شکستی بۆرژوازی لە پڕۆسەی بە مۆدێرنیزکردنی ووڵاتانی عەرەب:(گەشەی ئیسلامی سیاسی میلیتانت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرئەنجامی شکستی ناسۆنالیسم و سکولاریزم و مۆدێرنیزمی بۆرژوازییە لەم وڵاتانەدا.(– بڕوانە: مێنسوور حیکمەت "باڵاکردن و ئاوابوونی ئیسلامی سیاسی")، و سەمیر ئەمین لە نووسراوی " ئیسلامی سیاسی، ڕوویەکی تری سەرمایەداری متەوەحش " دەنووسێ:(سەرهەڵدانی ئەو بزووتنەوانەی پەیوەندیان بە ئیسلامەوە هەیە، بریتین لە یاخی بوونێکی تندوتیژ دژی سیستەمی سەرمایەداری مەوجود و ئەو مۆدێرنێتە ناکامڵ و شۆڤێندراو گومڕاکەرەی کە لەگەڵ خۆیدا هێناوە).

بە ڕای من ئەم جۆرە لێکدانەوانە تێگەشتنێکی کۆموکورتی لەخێی هەڵگرتووە بۆ مۆدێرنێتە، وە چاوەڕێی شتێکی گەورە لە مۆدێرنێتە

دەکات کە ئاستەمە لەسایەی سیستەمی سەرمایەداریدا مۆدێرنبتە بتوانێ ئەوە بەرئەنجامی بێ. پرسیارێک کە دەکرێ بیکەین ئەوەیە: باشە ئەگەر هەکاری سەرهەدان و بەهێزبوونی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی دەگەڵنەوە بێ شکستی بەرژوازی لە پڕۆسەی بە مۆدێرنیزکردنی(عصرنة أو تحديث) وڵاتانی عەرەبی، ئەی هەکاری سەرهەدان و بەهێزبوونی بزووتنەوەی مەسیحی سیاسی لە ئەورووپا و ئەمەریکادا چییە؟ چونکە لۆژیک نییە بڵێین لە ئەورووپا و ئەمەریکادا پیشەسازی گەشەی نەکردووە یان بڵێین بزووتنەوەی مەسیحی سیاسی بەرئەنجامی شکستی ناسیونالیسم و سکولاریزم و مۆدێرنبتە لەو وڵاتانەدا. بە شێوەیکی گشتی مۆدێرنبتە لە ژێر سایەی سیستەمی سەرمایەداریدا پڕۆسەیکی ناکامڵ و شێواوی بڕیوە. مارکس ڕای وابوو کە (مۆدێرنبتە لە هەناوی خۆیدا ناکۆکی هەڵگرتووە)، ئەمە بە جیا لەوەی باسی چ جۆگرافیایەک دەکەین، وەڵامێکی گشتییە بۆ دیاریکردنی هەکارێکی سەرهەدانی بزووتنەوە ڕاستەوەکان، بەڵام ئەمە نە هەکاری سەرەکییە، و نە وەڵامێکی تایبەتیمان پێ دەداتەوە کە بۆچی ئیسلامی سیاسی وەک بزووتنەوەیکی سیاسی و جەماوەری ڕووی لەسەرە، وە دەسەڵات دەگرێتە دەست. بەڵکە گرنگ ئەو فاکتەرەیە کە سەرمایەداری لە سەردەمی دەندەیی و قەیرانی ئابووریدا، پێویستی بە بزووتنەوەکانە پەرستەکانە بێ ڕاگرتنی جەوی مۆژوو تا نەچێتە پێش، واتە بەکارهێنانی ئایین وەک پاسەوانێکی دژی سەرمایەداری، وە لەلایەکەی ترەوە سوود وەرگرتنی وڵاتانی ڕۆژئاوا و هاوپەیمانەکانی لە بزووتنەوە ئایینەکان بەتایبەتی ئیسلامی سیاسی میلیتانت دژی ڕوسیا و چین، و بەکارهێنانی لە گەمەی ئاژاوەو بەسروبڕی هەتا لە نەو خودی وڵاتانی ڕۆژئاوادا بێ سەرنج ڕاکێشانی کرێکاران بێ کێشەی لاوەکی و خولقاندنی دۆخێکی کۆنەپارستی پێ لێ تێرەو تێقان. ئەمانە ئەو مێستانەن لە پشت خەرجکردنی ملیارەها دۆلار بێ گەشە و بە هێزبوونی ئیلاهیاتی ڕامیاریەوە لە جیهانی ئێمەدا.

- **سەردەمی مۆدێرن – "کوردستانێکی ئازاد و مۆدێرن"**

  بۆ ای هەندێک لێکۆڵەرانی دەبێ ستراتیژی چەپەکانی کوردستان "کوردستانێکی ئازاد و مۆدێرن" بێت: (دەبێت کۆنگرەیکی بەرفڕاوانی لە لایەن چەپەکانەوە ببەسترێت تیایدا بێ وڵانەی جیاوازیی فیکری و سیاسی، و ئۆلوێتەکێ "وڵاماندانەوە بێ واقیعی هەرەمی کوردستان" بێت و کارنامەی نوێ و گشتگیر سەرپێ بخرێن کە بنەڕەت و ستراتیژی کۆنگرەکێ "کوردستانێکی ئازاد و مۆدێرن" بێت.) – (هاورێ عبدڵڵا و

شاهۆ عەلی)/ خوێندنەوەیەك بۆ ئۆركی نوێی چەپی كوردی لەسەردەمی مۆدێرنەدا – هەفتەنامەی ڕۆژگای كوردستان .
لە وەڵامی پرسیاری بۆگشتی مانگێك چۆنە شەو و ڕۆژ؟.
زۆرینەی خەڵك دەڵێن:(مانگێك سی ڕۆژە). لێرەدا دەبینین كە خەڵكی بۆ گشتی ٣٠ یان ٣١ شەو و ڕۆژە). لێرەدا دەبینین كە خەڵكی بۆ كورتكردنەوە، شەوەكانی لە مانگەكەدا نۆزماردوە، وەك شاردنەوەو باس نەكردنی دیوی تاریكی مانگەكە. هاوشێوەی ئەوە، زۆرینەی سەردیاتەكان دەربارەی(سەردەمی مۆدێرن)، باسی دیوی تاریكی سەردەمەكەی تەدا نییە و شاردراوەتەوە. لە ڕاستیدا (سەردەمی مۆدێرن) دەبێنكی مۆكتەبی لیبڕاڵییە بۆ سیستەمی سەرمایەداری؛ یانی ئۆگەر بڕوامان وایە كە بۆ ڕزگاركردنی كوردستان لە ئۆحزابی میلیشیای و بنەماڵەی و ئیلاهیاتی سیاسی، پێویستە "كوردستان ئازاد و مۆدێرن" بكەین، ئەمە یانی كوردستان بۆ سەرمایەداری بكەین. پرسیارەكە ئەوەیە ئایا هەكاری قەیرانی سیاسی و ئابووری كوردستان ناسەرمایەداری/ نا مۆدێرن بوونیەتی؟!. كەواتە هەكاری دیاردەكانی ئیلاهیاتی سیاسی و تۆتالیتاریسم، ڕاسیزم و فاشیزم لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریكا چییە؟. لەژیك نییە بەیەن نامۆدێرن و لەوەكانە سەرمایەداری و پیشەسازی بەرهەمهێنانی كاڵاكان گۆشەی نەكردووە.
پوختەی ڕای من ئەوەیە كە بەهەی تایبەتمەندییەكانی سەرمایەداری بۆتایبەتی لەم سەردەمەدا، ئیدی سەرمایەداری وەك (پاشتە شەكەی گۆگڵ)ی لێهاتووەو بە پارچە شەی كۆنی وەك(مۆدێرنیتە و سیكولاریزم) پینە و پەڕۆ ناكرێ.

پەراوێز:

- سۆسیالسیتەكان ئازادی بیروباوەڕی ئایینی بە خەڵكی لە بەرنامەكەیاندایە، و لە كۆمەڵگەی سۆسیالیستدا ماف و ئازادی بیروباوەڕی ئایینی بە خەڵكی بە یاسا دابین دەكرێ.
- لە ئێستادا لە جیهاندا دوو دەوڵەت بە تەواوی سیستەمێكی تیۆكراسی (سایەكراسی) ڕەهایان هەیە، بە شێوەیەك كە پیاوانی ئایینی ڕاستەوخۆ سەركایەتی دەوڵەت و سەركردایەتی باڵای سیاسی دەكەن: یەكەم فاتیكان: پاپا (ڕەبەری باڵای كۆنیسەی كاسۆلیكی جیهانە)، لە هەمان كاتدا پاشای ڕۆما و سەركی

دەستەڵاتی جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەریی لەم دەوڵەتدا. سەرجەم وەزیر و بەرپرسە باڵاکانیش پیاوانی ئایینی مەسیحین. دووەم ئێران: لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩وە سیستەمی "ویلایەتی فەقێ" پێیەوە دەکرێت. لەبەری باڵای کەماری ئیسلامی کە پیاوێکی ئایینی شیعەیە(مەرجەع)، بەپێی دەستووری خاوەنی دەسەڵاتی تەواوە بەسەر سوپا، دادگا و سەرجەم جومگە سەرکیەکانی دەسەڵاتدا. بەڵام بەپێی ئاپەرتەکانی(سەنتەری توێژینەوەی پیو)، نزیکەی ٤٣ بۆ ٤٨ دەوڵەت لە جیهاندا بە فەرمیی خاوەنی دەوڵەتی ئایینین، و زیاتر لە ٨٠ وڵاتیش بە فەرمی یان ناڕەسمی پشتگیری یەک ئایین دەکەن. ئیسلام، مەسیحیەت و بوودایی باوترینن لەم دەوڵەتانەدا. دابەشبوونی دەوڵەتە ئایینییەکان بەپێی جۆری ئایین: ئیسلام لە ٢٧ وڵاتدا وەک عەرەبستانی سعوودیە، ئێران، و میسر ئایینی فەرمییە. مەسیحیەت: لە ١٣ بۆ ١٥ وڵاتدا وەک ڤاتیکان، یۆنان، و دانیمارک ناسراوە. ئایینەکانی تر: وەک بوودایی لە کامبۆدیا و بوتان، و ئایینی یەهوودی لە ئیسرائیل. دەتوانین بڵێین کە نزیکەی ٤٠ بۆ ٥٠ وڵات لە جیهاندا هەن، کە ئایین و ئیلاهیاتی سیاسی تێیاندا، ڕێکی گرێ و فەرمی لە دەسەڵات و یاسادانان و کەمەدا، دەگەڕێ.

*بەرای سیالیستەکان سکولاریزم بەرژوازی (Bourgeois Secularism) چەمکێکە بۆ پێناسەکردنی جۆرێک لە جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی چینی بەرژوازی و بازاڕی سەرمایەداری داڕژاوە.

- ماکس وێبەر دەڵێ، ئەخلاقی پرۆتستانت (وەک زاهید و کارکردن و ماندووبوون) ئەو چوارچێوە تیۆرییەیان پێکهێنا کە بۆشدا

ڤاڤێتر5: گوتنی نا(نەخێر)... گوتنێ پێویستە!.. ئازاد حەمە

..5

"نا"(نەخێر)، کە نکۆیکردن دەخاتە گرووماندنەوە بە هاتووتە

کایەوە؟ بەئەوەی لە کاتی پەیستدا بگوترێت. لە گوتنی"نا" فەرمووونی دەوێت؛ فەرمووونی چنیەتی گوتنی. ئەوش پەروەردە داوادەکات. بەمجۆرە چاندنی"نا"ی پەیست کارکردنکی پەروەردەیانە دەخوازێت تا بزانرێت لە کوێ و بۆ کێ دەگوترێت "نا".
شرۆڤەی"نا"، شرۆڤەی"بۆ"ی لەخۆدەگرێت. ئەمە بۆ مانا بەرتەسکەیەت، کە"نا"دەکەوێتە ژێر سێبەری "بۆ"وە. هاوکێشەی نێوان "نا" و "بۆ" وەک هاوکێشەی نێوان ڕووناکیی و تاریکیی نییە. چونکە گوتنی "نا" و "بۆ" چاوەڕێی یەکناکۆن و پاشکەی یەکیش نیین، مەگەر بۆ ئەوانەی بۆ بیرکردنەوە دەڕۆن "نا" و بۆ بیرکردنەوە دەڕۆن"بۆ". استێ لە ڕووکەشدا "نا"خێی وەک وابەستەی"بۆ" نیشاندەدا، لە لەڕووی لۆجیکییەوە بۆ جۆرە نییە. تەنانەت گوتنی "نا" ئەو هەستەش لە ئەویتردا دروستدەکات، کە جۆرە یاخیبوونێک لەگەڵ خێی دەنێت. ئەمە وادەکات"نا" بەسەرەیەوە لەبەوانرێت.
تێکشکاندنی تێگەیشتن بە"نا" هەڕەشانەوەی ئەو تەماشاکردنە هەڕەیە،کە بۆ گوتنی"بۆ" هەیە. ئەمەش لەسەر ئەو بناغەیەی هیوا هەڕچنیین لەسەر گوتنی بەردەوامی"بۆ"هەکارە، کە گوتنی"نا" قەزەوێنکرێت. لەڕەدا دەبێت بیرکردنەوە ئیشی خێی لەسەر گوتنی "نا"بکا، تا "نا"ش بەدەردی "بۆ" نەبرێت. ئەمە بۆ تەماشاکردنەش دێت، کە گوتنی "نا" با وەک گوتنی "بۆ" بەحورمەت نەکرێت.
گوتنی"نا" بەردەوام ئاسان نییە. چونکە ئەم گوتنە لەسەر ئەوە وەستاوە بۆ کێ و کێی دەگوترێت؟ گومانینەاوێت، "نا"فەمی تێکردنەوە وەردەگرێت؛ بۆ مانایەی پەسندکردن دەبێت بە"نا"یەک. ئەبەتە ئەم"نا"یە بۆیە جێگای خێی دەکاتەوە چونکە پەیستە. بەمجۆرە بێت"نا" تابوو(قەدەغە) نییە. بەهەق گوتنی"نا"، کە لە پەیستییەوە بۆ شایانی ئەویە هەبێت. کەواتە، گوتنی "نا"یەکی پەیست بۆ بەگژاچوونەوەی "بۆ" پرسیەکە لە بیرکردنەوە.
ناشێت نە گوتنی "نا" و نە گوتنی "بۆ" لەناو مەغزی کروزانەوە و لاوازیی لە گوتندا جێکرێتەوە. گوتنی چ "نا" و ج "بۆ" جۆرە جوامێرییەکی دەوێت، کە هەموو ئەوش لە پێوەندیدایە بە خودی بیرکردنەوەوە. استە زۆرکجار بەسختی دەبین"نا"؛ بەڵام ئەو "نا"یە گەر لە پەیستییەکی لۆجیکییەوە هاتبێت گوتنی ئەرکە. جابێتو، بەم جۆرە "نا"یەکین هەست بە تاوانباری ناکین بەرامبەر بەو کەسەی "نا"یەکەی لە ئەمەوە وەرگرتووە.
گوزارەی"نا"سەکردنەوەش دروستدەکات، چونکە پێپێبردنە بە شتێک، کە دێت، کە ڕووددات. بە ئەوانەی ڕانەهاتوون لەسەر گوتنی"نا"، ئەو"نا"یە ناخەژێن و نەگەتیڤە. ئەمە ئەوشمان پێدەڵێت، کە دەبێت شەواز هەبێت، لە گوتنی"نا". چونکە "نا" تاڵە، ناپەسندە و زۆرێک

حەز بە بیستنی ناکەن.
بیانووی دڕژخایەن بە گوتنی "نا" پەویست نییە، گەر بیرکردنەوە پێش گوتنەکە هەبووبێت. بە ئەوەی پەویست نەکات لە سەرەتاوە بڕیت "بڕە"؛ بە ئەمەشیان کاتت پەویستە بە بیرکردنەوە. کەوابێت گوتنی "بڕە" یان "نەخێر" بەرهەمی بیرکردنەوەیە. ئەوەتا بیرمەندی فەڕەنسی ژاک دەریدا پەماندووبێت بیرکردنەوە ئەوەیە بڕیین "نەخێر". ئەمە بە (ئەو) ئەوە دەخاتەووو، کە"" "نەخێر" ەتکردنەوەی پەویستی ەواڵەت و باوەڕی دەستبەجێیە"". لە هەمان کاتدا لە "بڕە"ەکی بە بنەما جیایە کە ەووکەش بێت.
"نا"، کە بڕیگەی حاشا هەنەگری لەگەڵ خەی هەنا توخمەکانی"نا" دەپارێزێت. لەوەڕا "نا" دەرخەری ئەوەیە شایانی گەکردنە. ئەمە لەسەر شەوازی گوتنەکەی"نا" وەستاوە. لەبەرئەوەی بە زەڕەک دەستەاگەیشتن بە "نا"سانا نییە. ئەمەش بەپێی ئەوەی هەندێک لە گەکردنی"نا" دەترسێت.
سەرباریئەوە، بە بەشێک لە ئەمە "نا" بیناکراوە لەسەر ەتکردنەوەی کردارێک، گومانێک، بڕیام خودی ئەو کردار و گومانە پرسیارکیشە لە شیکردنەوە و پرسیارکردن و لەژیک. گەر وابێت لە بەرامبەر ەاستییە نوێیەکان ناتوانین بە ئاسانی"نا" گەبکەین.
وڕەای ئەوەی لای سەرەوە گوترا، گوتنی"نا" ئەو هەستەش لە ئەویتردا دروستدەکات، کە گەکردنی"نا"جەڕە یاخیبوونێک لەگەڵ خەی دەنێت. ئەمە وادەکات "نا" خەشویستنەبێت و تەگەیشتن بە "نا" بەرەو هەڵدەربچێت. لە "نا" گەواهی دەدات لەسەر شتێک متمانەی تیا نییە، کە هەشتا پەیپەنەبراوە. بەیە گشت"نا"کان یەک مانا و تامیان نییە، هەمان ناواخن و تایبەتمەندیی دروستینەکردوون.
ەاستە گوتنی "نا "دیدێکی ەخنەگرانەیە بڕیام زەرجار دیلی فشارەکانە. ئەمە بەمانایی و سەرکەنەکردنیش لەگەڵ خەیدا دەنێت. هاوکات ئەمە ئەوەمان پێدڕێت،کە هەردەم "نا"کان لەکاتی خەیاندا نەگوتراون. بۆ؟زەرەک "نا" فریودەر و چەواشاکارانە، گوتنیان شکستیهێنەر بەئەوەی پێیدڕێن"نا". لەرە دەتوانین ئەوەش بڕین، کە "گەلەکجار بیرەکەیەک بە ەاست دەزانین بەبە ئەوەی پەویستمان بە بڕیگەی فەرمی هەبێت. دەتوانین بیر لەو شتانە بکەینەوە،کە باوڕەمان پێی نییە، لە کاتێکدا زەرجار بیروباوڕەکانمان شەوازی بیرکردنەوەمان فلتەر دەکەن".
سەرئەنجام ئەوەش دڕێین، ئەی کە گوتنی "نا" نەیتوانیبوو ەگەکی قووە لە کولتوور، یان نەریت داکوتێ چۆن؟ لەرە ناخوازین گفتوگۆکە بەرەو ئەوە بڕین کولتووریکانی"نا" خەمناکیمان بە دڕنێ و ناچارماندەکات بە "بڕە"ی پەشوخت.بڕیام بەپێی جوگرافیای

بیرکردنەوەکان بێت لە هەندێک کولتوور یان نەریت"نا" شتێکی دیکە وەردەگرێت و ناواخنێکی دی هەیە.
لە کۆتایدا، گرنگ هەما بە ئەوە بکەین"بە"سەرقافڵەی"نا" نییە. خودی "نا"ش روداوە تاڵ و خەمبارانەکەی ناو "بە"نییە. چونکە گوتنی"نا" توانایەکیتر بیرکردنەوەیە. کاتێک لەسەرتاوە ناخوازین بڵێین"بە" لەبەرئەوەیە پێویستمان بە کاتە بە بیرکردنەوە بە گوتنی شتێکی تر. ئەمە بەو تێگەیشتنە نایێت کە نەگوتنی"بە" گفتگۆی بەدوادێت.هاوکات گوتنی"نا" لەبەرناواخنە نەرینییەکەی وزە و خواستی دەوێت. واتە گوتنی "نا" دەشێت بەر هەندێک شیاویتر خرێت: نا بەمناگونجێت لە ئیستادا، نا لەو بارەوە زانیاریم نییە، نا ناخوازم چونکە... .

ئازاد حەمە
پرۆفیسەر لە فەلسەفە لە زانکۆی سلێمانی

قەیرانی سووتەمەنی حکومەتی خستەتە نێو تەڵەی سەرمایەدارانەوە.. سەلام عومەر

یەکێک لە قورسترین سەرئێشە گەورەکانی ئەمڕۆی هاووڵاتیان لە هەرێمی کوردستان، قەیرانی بەردەوامی بەنزین و بەرزیی نرخکەیەتی لە کاتێکدا سووتەمەنی بووتە بەبڕی پشت و بنەمای سەرکیی بەڕێوەچوونی کاروبارە ڕۆژانەکان، بەڵام هاووڵاتیان ناچارن جگە لە دەستکەوتنی بە نرخێکی گران، کاتێکی زۆر لە نۆبە درێژکاندا لەو گەرما و سەختییەدا بەفیڕۆ بدەن.
ئەوە پەمان دەڵێ بەباکی دەسەڵات گەیشتە ئاستێکی باڵاو کووتە نەو تەڵەی سەرمایەداران و ئەوەی لە ڕابردووەدا بەخێی دروستی کردووە ئێستا وەک گەورەترین کێسپ لەبەردەمی قوتبەتەوە و هەر بەیارمەتی دەدات ناتوانێ پلانەکانی سەرمایەداران تێپەڕێنێ و زوو پاشکشەدەکات، ناکرێ لەنەو وڵاتێکی پڕ لە نەوت و غاز بین و کەچی خەڵک بەدەست قەیرانی سوتەمەنیەوە بناڵێنێ و خەڵ بدرێتە دەست

قەدەری ئەو کەسە سەرمایەدارانەی سەر بەدەستاتن و لە بەرچاوی وڵاتە هەرەمایەتیەکان و دەستان و دوژمن هاوڵاتی خۆت بچووسنیەوە و لە بەرامبەر قیرانەکانی موچە و سوتەمەنی و پێکنەهێنانی حکومەت و دیان کێشەی دی دەستوەستان بی.
ئەوەی قبوڵنەکراو و جێگەی سەرسوڕمانە، سروشتی ئەم هەرەمەیە، ئاخر هەرەمی کوردستان سەرچاوەی دەوڵەمەندی نەوتی خاوەن و خاوەنی پاڵاوگەی جەراوجەرە، کەچی هاووڵاتیەکەی لە دەخێکی خراپدایە، خراپ بەقەت ئەو خراپیانەی لە سەرەتای ئاپۆیین هەیبوو، هەر لەمبارودۆخەشدا ئەوەتا موچە دوادەکەوە و کەچی قەرزی کەنی کاربای هاووڵاتیانی دەوڵەتەوە و خەشی کە قەرزەکی زەری هەمان ئەو هاووڵاتیانەی لەسەرە نایداتەوە.
ئەم دۆخە نەگونجاوە کە بەردەوام دووبارەبوونەوەی هەیە کاریگەریی نەرێنیی ڕاستەوخۆی کردووەتەسەر تەواوی کەرتی ژیان و ئیفلیجبوونی ژیان و گوزەران گرانی بەنزین ڕاستەوخۆ نرخی گواستنەوە، کەڵی ئەتەمبەل و کاڵا و پەداویستیە سەرەتاییەکانی ژیانی بەرزکردووەتەوە، شەقامەکانی وەک سەردەمی کەرنتینە نیمچە چۆڵ کردوە.
ماندووبوونی دەروونی و جەستەیی نابە درێژکان لەو گەرمایەدا بووەتە ئەشکەنجەیەکی ڕۆژانە بە شەقڵەران و کرێکارا، ئەوە بەدووری مەزانن گرژیی کەمایەتی لەبکەوێتەوە و بارودۆخ بەجۆرێک بشێڕێ چارەسەری ئەستەم بە، هەروا بەردەوامیی ئەم فەرامۆشکردنە دوور نییە ببێتە هۆی تەقینەوەی ناڕەزایی بەرفراوانی جەماوەری، چونکە توانای بەرگەگرتنی هاووڵاتیان گەیشتووەتە لوتکە.
بە ڕەگریکردن لە پێکەوتنەی تەواوی ژیان و ڕوینەوەی ناڕەزایەکان، پەویستە دەسەڵات و لایەنە پەیوەندیدارەکان بە زووترین کات هەنگاو بەرەو چارەسەری قیرانەکان بنێن، ئەویش بە دابینکردنی بەنزین بە نرخێکی گونجاو هاوشێوەی ناوچەکانی تری عێراق و وڵاتانی دراوسێ، پەویستە نرخەکان دابەزێنرێن و لەگەڵ داهاتی تاکدا بگونجێنرێن.
کۆنتڕۆڵکردنی کوالێتی و نرخ، پەویستە چاودێریی توند بەسەر بەنزینخانەکاندا هەبێت و ڕێگری لە قەرخکاری و بەرزکردنەوەی نایاسایی نرخ بکرێت.
کارپێکردنی پاڵاوگە خەماڵیەکان بە خزمەتی خەڵک، نەک داهاتی نەوت و پاڵاوگەکان دەبێت لە پێناو دابینکردنی پەداویستیە سەرەتاییەکانی ناوخۆدا بەکاربهێنرێت، نەک قوربانیدان بە ژیانی هاووڵاتیان و تەواوی داهاتکان بژێتە باخەڵی ئەو سەرمایەدارانەی خەتان درووستان کردوون و ئێستاش بەداوی ئەوانەوە

گیر بوون.
قەیرانی سوتەمەنی و موچە و بەنزین بەتایبەتی، تەنها کێشەیەکی ئابووریی سادە نییە، بەڵکو تاقیکردنەوەیەکی گەورەیە بۆ بەرپرسیارێتیی دەسەڵات بەرامبەر هاووڵاتییانی خۆی، ئەگەر بە زووترین کات چارەسەری ڕیشەیی بۆ نەدۆزرێتەوە، ئەوا بەدەنگیی خەڵك دەگەڕێت بۆ شێلگیرییەکی بەهێزی ناڕازایی کە کۆنترۆڵکردنی ئاسان نابێت.

ئەگەر ئەمە سەر بگرێت، پەکەکە بە دەستی خۆی وەک تیرۆریست دەناسێنێت!.. شەرکە کرمانج

ئەمن نازانم لە داهاتوو چی ڕوو دەدات، دەکرێت ئەم پڕۆژەیاسایی کە بەناوی "بەهێزکردنی هاوپشتی نیشتمانیی و ئامادەیی کۆمەڵایەتی" ئاپشێ کراوە، لە داهاتوودا دەرگایەک بە ڕووی کورد دا بکاتەوە و لەوەدا لە مەیدانی سیاسی و پەرلەمانی ئۆسپی خۆی تاودا، بەڵام ئەوەی لەو دەقە بە چاوخشانێکی خێرا هەڵدەهێنجرێ، زۆر بە کورتی چونکە قسەی زیاتر هەڵدەگرێت، ئەمانەن:
یەکەم، پەکەکەییەکان یان ماندوو و شکەت بوون و تاقەتی شێیان نەماوە و توانای بەرەنگاری و درێژەدان بە خەباتی چەکداریان گەیشتۆتە سەفر، یان بە ئازادکردنی ئۆجەلان، یان هەردووکیان بەسەریەکەوە، ئەوا ئامادەن خۆیان و مڵزووی خۆیان بەدەستی خۆیان لەکەدار بکەن و نازناوی "تیرۆر" بەناوچەوانی خۆیان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە باکوور وەنەن. چونکە وەک لە دەقی پڕۆژەیاساکە بە ڕاشکاوی لە ماددەی پێناسەکان، دەڵێت: ""Organization" means the PKK/KCK terrorist organization and all affiliated formations thereof"، واتە، مەبەست لە "کەکخراو" کەکخراوی تیرۆریستی پەکەکە و کەجەکە و هەموو ئەو کەکخراوانەش کە پەیوەندداربن بە پەکەکە و کەجەکە. لەوانەیە کەسانێک هەبن بڵێن جا خۆ تورکیا هەر بە پەکەکە و کەجەکەی گوتووە تیرۆریست. وەڵام بەڵێ، ئەمە ڕاستە، بەڵام: یەک، ئەمە دەقێکی فەرمیی و یاساییە و

کاریگەریی زۆر زیاتر و جیاوازتری لە بڕیارنامە و قسە و پەیوەندیی دەوڵەت. دووەم، دەیان ئەندامی دەم پارتی نزیک لە پەکەکە واژەیان کردووە، کە نوێنەرایەتی کورد دەکەن لە باکوور. ئەمەش واتە نزیک هەر تورک و دەوڵەتی تورکیا پەکەکە و کەجەکە و پەیوەندارەکانیان بە تیرۆریست لە قەڵەم داوە و ناوزەد کردووە، بەڵکوو مانای ئەوەیە کە کورد خۆشی ئەم بڕیارنامانەی وەک تیرۆریست ناساندووە. لە کۆشک لە دەکیومێنتێکی فەرمیی-دەوڵەتیەدا، کە تا دەیان ساڵیدا یاساناسان و سیاسەتوانان و توێژەران دەگەڕێنەوە سەری.
دووەم لەوەش ترسناکتر، ئەم پڕۆژە یاسایە پێ داگری لەسەر ئەستەپاکی دەوڵەتی تورکیا لە سەد ساڵ جێنەسایەد، زمانکوژی، کولتوورکوژی، ژینگەکوژی و تواندنەوەی لانی کەم دە (١٠) ملیۆن کورد لە تورکیا، دەکات چونکە لە دەقەکە نزیک هەر پەکەکە و چەکدارەکانی وەک تاوانبار نیشان دەدات، بە یەک وشەش ئاماژەی بە کردەوە و هەڵوێستی شەڤینی و دژە-کوردییەکانی دەوڵەتی تورکیا نەکردووە. بەکورتی، ئەمە کارنامەی خەتاوانبارکردنی کورد و بڕائەتی تورکە.
سێیەم، ئەم دەقە تەسلیمبوونەوەی پەکەکە و هەموو هێکخراو و دامەزراوەکانی پەکەکەیە بە بێ هیچ گەرانتییەک و داواکردنی هیچ مافێک. لەوانەیە کەسانێک بڵێن ئاخر ئەوە تەنیا یاسای لێخۆشبوونی ئەندامانی پەکەکەیە. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئەدی بە هەر لە هەمان دەق چەندین گەرانتی بە لایەنەکەی دیکە فەراهەم کردووە. لە ڕاستیدا، هەر لەو دەقە دەوڵەتی تورکیا دوو گەرانتی زۆر گرنگی مسۆگەر کردووە. یەک، دەبێت پەکەکە هەموو چەکەکانی تەسلیم بکات، خۆی بتەواوی هەڵوەشێنێتەوە لەگەڵ هەموو دامودەزگاکانی و هێکخراوە پەیوەندارەکانی (کە دەکرێت پەیدە و هەسەدەش بگرێتەوە) ئینجا، ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیی تورکیا بە بڕیارێک ئەوە پشتڕاست بکاتەوە، ئەوسا ئەم لێخۆشبوونە دەخرێتە مەیدانی جێبەجێ کردن، کە وابزانم شەش مانگی بۆ دانراوە. واتە، ئەگەر عەوڵ پەکەکە مەرجە سەپێنراوەکانی سەری جێبەجێ نەکات، ئەوە دەوڵەتی تورکیان هیچ هەنگاوێک ناهاوێت. دووە، دەوڵەتی تورکیا لە دادگاییکردنی هیچ کەسێک خۆش نابێت بەڵکوو ئەوانەی کە داواکراون و مەحکەمەیان لەسەرە، کە هەموو ئەندامانی پەکەکە داواکراون لەلایەن دادگاوە (مەگەر کەسێک پەیوەندیی بە پەکەکەوە کردبێت کەس نەیزانیبێت)، تەنیا دادگاییکردنیان دوا دەخرێت بۆ پڕۆسەی تاوانکاریان. بە هەندەکیان پێنج ساڵ دوا دەخرێت و بە هەندەکی دیکە دە ساڵ. ئەمەش مانای ئەوەیە کە دەوڵەت حەز بکات دەتوانێت بە ئاسانی تەشقەڵە بە گەڵاوە و تەسلیمبووەکان بکات.
بەکورتی، ئەمە هێشنووسە و هیوادارم نەچێتە بواری جێبەجێکردن و

دەرفەت مابەت بە ئەندامانی کورد لە پەرلەمانی تورکیا و لیژنەکان کە بەنەما لەسەر ناخنەکانی ئەمەمانان پێداچوونەوە و هەمواری بکەن. ئەگەر ئەمە نەکرێت، ترسناکترین خاڵ لەم پڕۆژەیە خەتاوانبارکردنی پەکەکەیە بەدەستی خۆی، ئەمەش لەکەوتۆی ئەجگار قورسی بە خەبات و تەکۆشانی باکوور دەبەت. بەپێی ئەم پڕۆژەیەیاسایە، پەکەکە دەڕێت، من هەڵە بووم، من تیرۆر بووم، من جودایخواز بووم، ئەوەش لەسەر حەق بوون.

خوێندنەوەیەک بە دەقی «زامەکی کراوە» لە نووسینی سەلام عومەر.. نورەدین جاف

دەقی «زامەکی کراوە» لە نووسینی سەلام عومەر، تەکستەکی قووڵی شیعری/ئەدەبییە کە پڕ لە سیمبولی نیشتمانی، ئازاری مرۆڤایەتی و وێنەی گەورەی دەروونی. ئەم دەقە لە ڕووگەی زمانەکی ناسک و هاوکات پڕ لە زەبر و سوتانەوە، وێنەی مرۆڤی ڕژهەڵاتی و بەتایبەت مرۆڤی کوردی دەکۆشت کە چۆن لەنێوان مرۆڤایەکی پڕ لە بریندا دژیت.
لە سەرەتای دەقەکەدا، شاعیر لە پێناسەکردنەکی کلاسیکی بە بریندارچێت و دەیگوازێتەوە بە هەڵەندەکی فەلسەفی و مرۆڤایی:
«زامەکانمان تەنیا شوێنەواری خەنجەر نین / مرۆڤایەکن و... لەسەر جەستەی مرۆڤایەتی نووسراونەتەوە»
ئەمەدا بریندا تەنها ڕووداوەکی تێپەڕ نییە، بەڵکو «مرۆڤ» خۆیەتی کە لەسەر جەستە نووسراوەتەوە. ئەمە ئاماژەیە بە ئەوەی کە نەتەوە یان مرۆڤی خاوەن زام، مرۆڤەکەی لە ڕووگەی ئازارکانیەوە دەخوێنرێتەوە. هەروەها وەسفکردنی زامەکان بەوەی پێن لە «هاواری بەدەنگی» وەک پارادوکسەکی ئەدەبی کار دەکات؛ بەدەنگییەک کە لە هەر هاوارەک دەنگدارتر و قورسترە.

